# تابلۆ بێ هاوتاکان

خاڵەبەکر
4.8.2005
bakeramin@hotmail.com

(1)

چاوەکانت..

دوو پەپوولەی بێ ئۆقرەی بزێون..،

هەمووڕۆژێ..!

بەسەر گوڵی شەرمنمەوەدەنیشنەوە..

بەبێ پرس..،

عەتر لەکانی عیشقم دەخۆنەوە..!

(2)

دەرونت پەڵە هەورێکی هاوینەیە..!

ناخت..،

مەنزڵگای سروەو فێنکاییە..

هەست و نەست و ترپەی دڵیشت..،

ساباتێکی..

پان و بەرینی پڕ خۆشەویستی هەمیشەییە..،

(3)

دڵت مەملەکەتێکە..!

خەم تیایدا ڕەهبەرە..،

بێ پەروایت و..

عیشق تیایدا سەروەرە..!

(4)

هەناسەکانتان، بۆنی ئازادییان لێ نایەت..!

یەکگرن..!

شۆڕشێك بەرپا بکەن..،

ئەستێرەکان ڕاسپێرن..

بێ خۆێن ڕشتن..!

چوار پەلی سوڵتان کۆت کەن و..،

لە دادگای سەربەستیا سین و جیمی لەگەڵ بکەن..!

(5)

دەریایت..،

دڵیشت قووڵاییی..،

بەژنیشت شەپۆل..،

سەودا سەرانیش لە کە نارتا..

وەستاون پۆل پۆل..!

(6)

لێوەکانت..!

دوو جەمسەری ئێجگار گەرمی بێ هاوتان..

لێوە وەستانم..!

(عیشق) هێشتم کە..!

سەرما بردەڵەم..!

(7)

مەمکۆڵانت..

دوو دووندی سەختن..،

دەستە لەرزۆکەکانم مەگرە..

بە غەمزەی گۆی یەکێکیان گەنج دەبنەوە..!

(8)

لەزمانی چاوەکانت تێ ئەگەم..!

ماڵی برۆکانت ئاوا بێ..!

جارناجارێ..،

نامهێڵن ،

چۆن، تەفسیریان کەم..!

(9)

ویستم ..،

باسی شەنگە شیعرێکت بۆ بکەم..،

شەنگیت لە باس لای دام و

شەنگە شیعرێکی،

هەر وەکو خۆتیان پێ وەسف کردم. .!

(10)

خۆزگە ..!

عاشقێکی..

لە تەریقەت لادەر بوومایە.!

تاکو گەردنت بۆم ببوایە بە سێدارە..!

*